# شەپۆلی ناڕەزایەتی کارمەندان لە هۆلەندا

**ئاسۆ حامدی**

لەوەتەی حکومەتی راست و سەنتریزمی دیموکراتی دەنگی بەدەست هێنا، بەکورتی کارمەندانی هەموو بەشەکانی کار لە سەرو خوارووە لە گشت ئاستێکدا هێرشی بەردەوامیان دەکریتە سەر.بە ئەمریکاتیست کردنی کۆمەلگا یانی پریڤاتیسیرن ( بە سەرمایە خسوسی کردنی گشت رشتەکانی کار).
پێری دکتۆرەکانی خێزان رۆژێک مانیانگرت، دوێنی پۆلیس هەرە شەیان لە وەزیری ناوخۆکرد کە ئەگەر داواکانیان جیبەجی نەکری ئەوا کورسیەکەی دەبێ چۆل بکات.لە رۆژانی ئاییندەدا لە 17 حوزیران 2005 ئەوا کریکارانی شەمەندەفەر مان دەگرن. مانگرتنی دیاریکراو 24 کاتژمێر..
ئیتحادیە کریکاریەکانی ئێف،ئین ڤەی ( کە ئیتحادیەی سۆسیالیستەکانە بە هەموو بزوتنەوەکانی لەگەل کاتۆلیکە کانی مەسیحی) ئەمە خۆی فدراسیونێکی کریکاری گەورەیە و ئەندامە لە ئەنجومەنی بەرێوەبردنی کۆمەلگا لە وولاتدا، لەگەل ئیتحادیەی سی،ئێن،ڤەی کە ئیتحادیەی پرۆتستانتە مەسیحیەکان و هەندی لە کاتۆلیکەکانە، ئەم فدراسیونەش دووەمین فدراسیونی کریکاریە لە هۆلەنداو زیاتر ئەندامنی پارتی حاکمن کە سی،دەی، ئای پێدەلێن یانی بەرەی سێنتروم دیموکرات.
داواکاریەکانی کارمەندان زیاتر بەرگریکردنە لە دەسکەوتەکان، بەنموونە زیادبوونی کریی کارمەند سالانە، چۆن لە قەراردادەکان هاتووە.یان زەمانەتی خانەنشینی و یان مانەوەی تەمەنی کارکردنی پێشوو، کە دەولەت و خاوەنکارەکان دەیانەوی تەمەنی کارکردن زیاتر بکەن.یان دانانی قرارداد ( عقدی کار)ی باش بۆ کارمەندان.
هێزی بەرینی ئیتحادیەکان توانی سالی پار لە راپەرینی 2 ئۆکتۆبەر 2004 کە نزیکەی 300 هەزارکەس بەشداری تیاکرد چۆک بە دەولەت و سەرمایەداران بدا.
لە ماوەی دوایدا زۆر قراردادی نیوان کارمەندان و خاوەنکارەکان بە دەسکەوەت بۆ کارمەندان گەرایەوە، بە نموونە کارمەندانی رشتەکانی ئاسن و تواندنەوە، کارمەندانی رشتە تەندروستیەکان، کارمەندانی هەندی کارگەی ئاوی خواردنەوە...هتد.هتد.
مانەوەی بیمە کۆمەلایەتیەکان گەورەترین دەسکەوتی قەراردادی کۆمەلایەتی نیوان دەولەت و خاوەنکارو کارمەندان بوو. کارمەندانی بیناسازی کە گەورەترین ئیتحادیەیان هەیە، کە زیاتر لە 36.000 ئەندامی فدراسیونی کارمەندانی سۆسیالیستن، سال نیە هەرەشە لە ڕیکخراوەی خاەونکارەکان نەکات.
لە هەمان کاتدا ئەم نارەزایەتیانە رێکخراوەیین، دیاریکراو، یاسای ئەنجام دەدرین. ئیتحادیەکان بانگەواز بۆ گەل لە هۆلەند دەکەن لە کاتی کە نارەزایتەکانیاندا کە کاریگەری لەسەر گشت دادەنێ.
ئەگەرجی نارەزایەتیەکان سنفی و رشتەییە بەلام سەنگی خۆیان هەیە لە کۆمەلگادا. شکستی تەواوی سەرمایەداران لەم نارەزایەتیانەوە دەست پیدەکات.
کارکردن لە بناغەوە(قاعیدە) سوونەتی نوێیە.فدراسیونەکانی کارمەندان زۆر یەکگرتوون لە کاتی بانگەوازی نارەزایەتیدا.لە نیو خۆدا رەخنەی زۆر جددیان لە یەک هەیە، بەلام لەبەرامبەر خاوەنکارەکاندا یەک دەنگن. تەنانەت حزبایەتی لە زۆر حالەتدا پشت گوێ دەخەن. قازانجی کارمەندان لە چیدا بێ کۆمپاس (قیبلەنوما) رووی لە وێیە.
جێ داخە تا ئێستا بزووتنەوەکانی کرێکاری لە هۆلەندا کە زۆر بە هێزە لە چاو وولاتانی تر هەر لە بەرگریدانە لە جیاتی هێرش کردندا. ئەمە فاکتەری سیاسی خۆی هەیە.کەمن لێرەدا ناچمەسەری تەنها ئەوەندە دەلێم ئەم نارەزایەتیانە بۆ نەوەی نوێ بزووتنەوەی سیاسی چەپ ئەلتەرناتیفەکانی بە شکلی جۆراوجۆر جارێکیتر دەهێنیتەوە مەیدان.
سیماتی بزووتنەوەی کارمەندان لە هۆلەندا سیماتی کۆمەلایەتی هەیە، فدراسیەنەکانی کارمەندان دەخالەت لە گشت مەسەلە سەرەکیەکانی کۆمەلگا دەکەن.

لەهەمان کاتتدا دەولەت و ریکخراوەکانی خاوەنکاران سەنگ بۆ وجودیان دادەنێن.لە هەموو قەراردادەکانی کارمەندان لە گەل خاوەنکاران ئەندامانی چالاکی ئیتحاددیەکان بە کاتی خاوەنکارەکان کاری ئیتحاددیە دەکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتی گەورەیە.
نامەوێ زیاتر بنوسم چونکە خوینەرانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەوەندە سەلیقەی باسی درێژیان نیە، تەنها باس لە یادگاریەک دەکەم، لە ئەمستردام لەگەل کرێکارانی شارەوانیەکان لە راپەرین دابووین لەسالی 1996کارمەندی ووتی پێبکەنە لە هۆلەند ئازادی راپەرین بکەی ئێستا کارمەندانی ئاگرکوژینەوەدین جا خۆت دەبینیەوە وەکو عیراقە!!!.
کاتی کارمەندانی ئاگرکوژانەوەهاتن پشتیوانی راپەرینەکەیان کرد،من هەر پێکەنیم پێم ووت دەرسێ فیربووین کارمەندان زیاتر هەماهەنگن. بە واقع ئێستا لە بزووتنەوەی کارمەندانی هۆلەندا بە ماددی بۆتەوە.
زۆرجار بزوتنەوە نارەزایەتیەکان لەگەل کەش و هەوایە، بەلام بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی کارمەندان لە هۆلەندا بەردەوامە، بەردەوامی لە بزوتنەوەدا حەتمەن ئالوگۆر پێکدەهێنی

کارمەندان لە کوردستان دەبی زۆر بە ئاگاداری هۆشیاریەوە سەیری ئەم بزووتنەوانە بکەن.
جارێکیان بەرتۆس رۆلفس کە مەسوولی ئیتحاددیەی بیناسازیە لە هۆلەندا ووتی ئیمەش لە سالەکانی 1930 بەبەر فیشەک دراین. بەلام ئێستا وا بە ئازادی گەشە بە ڕێکخراوەکەمان دەدەین.لەهەمان کاتتدا دەبێ داوای سەربەخۆی بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەی کارمەندان لە کوردستان وەک داواکاریەک بەرز بکرێتەوە. فۆرموولەی ئیتحاددیەی زەرد دەبی لە زەینی چەپ و کۆمەلگا بسرێتەوە.رێکخراو و فدراسیونی کارمەندان دەبی دەخالەتی جددی لە ژیانی کۆمەلگای شارستانی بکەن.

حوزەیرانی 2005
هۆلندا